خوای گەورە بەندەی تەقواکار ونەفس دەوڵەمەند وشاراوەی -خۆدەرنەخەری- خۆشدەوێت

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خوای گەورە بەندەی تەقواکار ونەفس دەوڵەمەند وشاراوەی -خۆدەرنەخەری- خۆشدەوێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆمان ڕوونەدەکاتەوە کە خوای گەورە هەندێک لەبەندەکانی خۆشدەوێت کە چەند سیفەتێکی دیاریکراویان هەیە، لەوانەش، تەقوادار: ئەوەیە فەرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکات، وخۆی بەدوور دەگرێت لە نەهی لێکراوەکان. وبەندەی نەفس دەوڵەمەندی خۆشدەوێت: ئەوەی کە پێویستی بە خەڵکی نییە وتەنها داوا لە اللە دەکات وئاوڕ بۆ کەسی تر ناداتەوە. وبەندەی خۆدەرنەخەری خۆشدەوێت: ئەوەی سادەیە، وسەرقاڵی پەرستنی اللە یە، وخەریکی ئەو شتانەیە کە سوودی بۆی هەیە، وگرنگی نادات بەوەی خەڵکی بیانسێت یان ستایش وباس بکرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5545